# ئەرنست ڕینیان...

و/هێمن مەحمود

( دەربەندیخان )

Hemnm1979@yahoo.com

نوسەری ئەم کتێبە( ج.م.ڕۆبەرستۆن)ی لێکۆڵیارە کە تایبەتمەندە بە فیکری فەرەنسی تازەوە ، لێرەدا وینەیەکی گشتگیرمان دەربارەی گرنگترین بیرمەندی فەرەنسی دەداتێ لەسەدەی نۆزدەهەمدا کە ئەویش ( ئارنست ڕینان )ە.

نوسەر هەر لەسەرەتاوە دەنوسێ: ئارنست ڕینان لە ناوچەی ( بریتانی )ی ڕۆژئاوای فەرەنسا لەساڵی 1823 دا لەدایك بوە و لەساڵی 1892 دا لەتەمەنی شەست و نۆساڵیدا لە پاریس کۆچی دوایی دەکات.

لەیەککاتیشدا ئەدیب وفەیلەسوف و مێژونوس و زانای زمانەوانیش وە.

لەخێزانێکی ڕاوچیدا کە لەشارێکی بچوکی سەر زەریای ئەتڵەسیدا بون ژیاوە، باپیری پاش هەوڵدانێکی زۆر توانیویەتی دەوڵەمەندببێت و بارودۆخی مادی چاکتری بێت، هەرئەمەش ڕێگای بۆ خۆشکردوە کە ماڵێکی گەورە بۆ خێزانەکەی لەوێدا دروست بکات ، باوکیشی قەپتانی پاپۆڕبوە و یەکێکیش بوە لە لایەنگرە سەرسەختەکانی کۆمارییەکان ، بەڵام ئەمەش ڕێگای ئەوەی لێ نەگرتوە کە ئافرەتێك لە خێزانێکی پارێزگاردا دەستنیشان بکات و بیخوازێت کە لەلایەنگرانی ڕژێمی پادشایەتی کۆن بون.

بەدرێژایی ژیانیشی (ڕینان) لە نێوەندی بیروبۆچونە کۆمارییەکانی باوکی و بیروبۆچونە پادشایەتی و مەسیحیەکانی دایکیدا هەستی بە پەرتبون کردوە.

بەڵام ئەم تەمەنی پێنج ساڵان بوە کاتێك دایکی کۆچی داویکردوە ، هەربۆیە خوشکە گەورەکەی کە ناوی(هنرییت ) بوە و دوانزەساڵ لە ڕینان گەورەتربوە کاروباری خێزانەکە دەگرێتە ئەستۆو دواتر ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە ژیانی دا.

لە واقیعیشدا هەر ئەو بوە توانی ڕێگای ئەوەی بۆ خۆشبکات کە لەچاکترین قوتابخانەی ئاینی دا لە ( پاریس ) وەربگیرێت ، بڕیاریش بوو کاتێك تەواوی دەکات ببێت بەقەشە بەرلەوەی کە جەرسومەی فەلسەفە لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا توشی ببێت.

کاتێکیش کە فەلسەفەی (کانت و هیگڵ وهیودۆر) ی خوێندەوە هەستی بە دژایەتیەکی قوڵکرد لەنێوان ئەو ئیمانە ئاینیەی کە لە باوباپیرانیەوە بۆی مابویەوە و لەنێوان فەلسەفەی عەقڵانیەت یان ڕۆشنگەریدا، لەبەر ئەم هۆیەش ساڵی 1895قوتابخانەی قەشەکانی جێهێشت و لەسلکی کاهینیەتی مەسیحیەت وازی هێنا و بڕیاریدا خۆی بۆ خوێندنی فەلسەفە و زانستە دنیایی و زمانەوانی و مێژوییەکان تەرخان بکات.

نوسەر بەردەوام دەبێت و دەنوسێت: لە ساڵی 1848دا توانی بڕوانامە لەفەلسەفەدا بەدەست بهێنێت ، دواتر دەڕواتە زانکۆ بۆ ئەوەی تێزە زانکۆییەکەی خۆی لەسەر فەیلەسوفی عەرەبی موسڵمان(ئیبن ڕوشد) ئامادە بکات، کە ئەم تێزەش بەناوبانگە و دواتر دەبێتە جێگای مشت ومڕی گەورەی ڕۆشنبیران چ لەئەوروپا و چ لە جیهانی عەرەبیدا ( بەم دواییەش لە ژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆر( ئالان دۆلیبیرا ) دا چاپکرایەوە).

لەساڵی 1856 دا بو بەئەندامی ئەکادیمیەی کۆلیژە جوانەکان، هەر لەهەمانساڵدا ژنیشی هێنا، دواتریش سەفەری ڕۆژهەڵاتی کرد بۆ هەریەك لە سوریا و لوبنان ئەویش بەمەبەستی گەڕان بەدوای کەلە پوری تایبەتی جێماوی مەسیحیەتدا ، ئەوە شتێکی زانراوە کە لەوکاتەدا خەریکی نوسینی کتێبە بەناوبانگەکەی بو لەسەر ( ژیانی یەسوع ).

( ڕینان ) لە پاش ئەوە دەبێت بەماۆستا کۆلیژی ( دۆ فرانس ) کە بەرزترین دەزگای زانستی فەرەنسیە : واتە لە ( سۆربۆن ) بەرزتر و گرنگتریش،بەڵام هەر پاش وتنەوەی یەکەمین وانەی ، بەهۆی ئەو جەرائەتەیەوە لەباسکردنی کاروبارە ئاینی یەکاندا و دیراسەکردنی بە پیێ دیراسیەکی زانستی و مێژوویی وانەکانی دەوەستێنرێت.

مەسیحیە ئوسوڵیەکانیش کەوتنە تۆمەت هەڵبەستن بۆی و بەوە تۆمەتباریانکرد کە کافرە و هێرشی کردۆتە سەر موقەدەساتەکان.

بەڵام ڕینان خۆشی توشی جۆرێك لە ڕەگەزپەرستی هاتبوو کاتێك کە عەقڵیەتی( سامیەت )ی بەوە وەسفکرد کە دژی زانست و فەلسەفەیە بە پێچەوانەی عەقڵیەتی ئاری ئەوروپیەوە کە لەزەمەنی ئەغریقیەکانەوە ئەو دوانەی خۆشدەوێت.

بەبۆچونی ئەویش لەبەر هەمان هۆیە کە ڕۆژهەڵاتیەکان دواکەوتون و ڕۆژئاواییەکانیش پێشکەوتون .

نوسەر بەردەوام دەبێت و دەنوسێت:

ئەو کاتیش کە لەساڵی 1863 دا کتێبەکەی خۆی (ژیانی یەسوع) ی بڵاوکردەوە لەناوەندە میللیە مەسیحیەکاندا دەنگدانەوەیکی دروستکرد و لە کتێبخانەکانیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەست هێنا،کاتێکیش کە پاپا( بیوسی نۆزدەهەم ) کتێبەکە دەخوێنێتەوە زۆر توڕەدەبێ و ڕینان بەوە وەسفدەکات کە کافرێکی گەورەی ئەوروپی یە ، هەر لەبەر هەمان هۆش وەزیری خوێندنی فەرەنسی بە پیێ بڕیارێك تاوەکو کاتێکی نادیار (ڕینان )ی لەوتنەوەی وانە لەزانکۆدا قەدەغەکرد.

لە ساڵی 1865 دا ڕینان بەگەشتێکی گەشتیاری و زانستی سردانی میسر وتورکیا و یۆنانی کرد ، لەو کاتیشدا سەرقاڵی نوسینی لێکۆڵینەوەکانی بوو لەسەر ئاینە یەکتاپەرستەکان ، واتە یەهودیەت و مەسیحیەت ،دواتریش لەسەر فەلسەفەی یۆنانی کە زۆر پیێ سەرسام بوو.

لەساڵی 1869 دا خۆی بۆ هەڵبژاردنە نیابیەکان هەڵبژارد بەڵام بەخرا پی شکستی هێنا، دواتر لەساڵی 1878 دا خۆی بۆ ئەکادیمیای فەرەنسی هەڵبژارد و سەرکەوت .

لەواقیعدا ( ئارنست ڕینان ) یەکێکە لە پایە سەرەکیەکانی فبکری فەرەنسی بەدرێژایی نیوەی دوهەمی سەدەی نۆزدەیەم، ئەوە دەڵێین سەرەڕای ئەوەی کە لەوماوەیەشدا چەندین بیرمەندی گەورەی وەك زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگ( ئەمیل دۆرکهایم ) و فەیلەسوفی گەورە( ئۆگست کۆنت ) دەرکەوتن ، ئەمە سەرەڕای ئەوانی دیش.

ڕینان بەخۆشەویستنی زۆری و متمانەی بیێ سنوری بۆ زانست بەناوبانگ بوو ، لەوکاتیشدا زانست لەئەورپادا هەنگاوی زەبەلاحی بۆ پێشەوە نابوو، هەربۆیە وردە وردە بەسەر ئاینی مەسیحییەتدا بەشێوە سیغە کاهینیە کۆنەکەیدا سەرکەوت و خەڵکیش هیوای خۆیان پیێ بەست و هێواش هێواش لەئاین دورکەتنەوە.

خەریکبون باوەڕیشیان بەوەدەکرد کە ئەوە زانستە بەتەنها ژیانێکی بەختەوەر یان لەسەر زەویدا بۆ دەستەبەردەکات.

لەم بارودۆخەشدا ڕینان کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بڵاودەکاتەوە( داهاتوی زانست ) بەڵام ئایا ڕینان تا ئەو شوێنە دژی ئاین بوو وەك گومانی دەبەین؟

دەربارەی ئەم پرسیارە نوسەر ئاوەها وەڵام دەداتەوە : نەخێر .ز لەواقیعدا پەیوەندی ئەو بە ئاینەوە پەیوەندییەکی تەمومژاوییە، چونکە لەلایەکەوە ڕەخنەی ئەوەی لیێ دەگرێت کە پڕیەتی لەخورافە و وەهم ، لەلایەکی دیکەشەوە دان بە گرنگیەکەیدا دەنێت وەك هۆکارێکی بەهێز بۆ یەکخستنی گەل ، جابۆیە ئەوە مایەی مەترسیە ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا یان بەر لەهاتنی کاتی خۆی پشتی لیێ بکەین.

ئەو لەکتێبەکەشیدا (داهاتوی زانست) بەعیبارەتێکی بەناوبانگ هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەر ئاین دا دەخاتە ڕوو ، عیبارەتەکەش ئەمەیە(کاتێك کە لەشار دەبم گاڵتەم لێ دێت بەوانەی کە سەردانی کەنیسە دەکەن و لەڕێوڕەسمەکانیدا ئامادە دەبن ، وەکاتێکیش لەلادێکان دەبم گاڵتەم لێ دێت بەوانەی ناچن!

ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە زانست و پێشکەوتنی پیشەسازی لەشارەکاندا جێگای ئاینی گرتۆتەوە ، بەڵام لەلادێکاندا نا،چونکە تا ئێستا پێیان نەگەشتوە.

دواتر نوسەر دەنوسێت :ئەوە ئاشکرایە کە (ڕینان) هەر بەزوی پەیوەست دەبێت بە تیوری (داروین) ەوە لەسە ر پێگەیشتنی سروشتی ، کە ئەمەش تیورەیەکە کە بوە جێگای گفتوگۆیەکی بەرفراوان لە ئەوروپادا لەنێوان لایەنگرانی ئاین و لایەنگرانی زانستدا ، ئەوانەی یەکەم (واتە لایەنگرانی ئاین)بەکافرو زەندیقیان یان دایە قەڵەم چونکە گومانی کردوە لە ڕاستگۆیی کتێبی پیرۆز وگێڕانەوەکەی دەربارەی بنەڕەتی کەون و دروستبونی ژیان لەسەرئەم زەوییەدا.

بەڵام ئەوانی دوهەم(واتە لایەنگرانی زانست) وەها سەیریان دەکرد کە تیورەیەکی زانستی و عەقڵانی قەناعەتپێکەرە ، چونکە مرۆڤ ، وەك بایولۆژیا ،ڕەگەزێکی ئاژەڵیە وەك هەمو بونەوەرەکانی دیکە دەخوات و دەخواتەوە و زیاددەکات ، تەنها لەو عەقڵەشدا جیاوازی هەیە کە خودا پێی بەخشیوە، هەربۆیە دەتوانین دیراسەی مرۆڤ بەدیراسەکردنێکی توێکاریانە بکەین و گرنگترین لێکچوەکانی لەنێوان ئەو و ئاژەڵدا دەستنیشان بکەین.

بەڵام مرۆڤ لەهەمو بونەوەرەکانی دیکە باڵاترە چونکە خاوەنی عەقڵە، بەڵام سەرەڕای باوەڕی بەزانست وا پێدەچێت (ڕینان) لە داهاتوی چارەنوسی بەشەرییەت توشی دوو دڵی بوبێت ، ئەو ترسی ئەوەی هەبوو زانست بەهۆی دڵساردییەوە خراپ بکەوێتەوە ، وەك چۆن پیشەسازی بەهۆی نەمانی کەرەستەی خاو لەژێر زەویدا بمرێت.

لەواقیعدا ئەم لێکچواندنە جوانە، بۆنمونە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی گەشتۆتە قوناغێکی باڵا لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی کە لەمێژودا وێنەی نیە، بەڵام لەهەمانکاتدا توشی دڵساردی و نەمانی سۆز و ئەنگێزە مرۆییەکان بوە ، هەربۆیە پێشبینیەکەی (ڕینان) هەندێکی هاتۆتە دی ، دواتر مونازەرەیکی بەناوبانگ لەنێوان (ڕینان )و (جەمالەدینی ئەفغانی) ڕوودەدات دەربارەی پێکەوە گونجانی یان دژایەتی ئیسلام لەگەڵ زانستدا ، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە (ڕینان)ئەوەی دوپاتدەکردەوە کە دژیەتی ، بەڵام (جەمالەدین) بەوە وەڵامی دایەوە کە ئیسلام لەگەڵ ڕۆحی زانستدا هیچ دژایەتیەکی نیە.

بە پێچەوانەوە ئیسلام هانی فێربونی زاستی داوە هەرچەندە لە چین یش بێت ، چاکترین بەڵگەش ئەوەیە کە زانستە فەلەکی و پزیشکی و تەجروبیەکان لەزەوی ئیسلامدا گەشەی کردوە لەسەردەمی قۆناغی زێڕیندا ، جابۆیە خەتاکە لەئەستۆی ئیسلامدا نیە بەڵکو لەئەستۆی موسڵمانانەکاندایە ، چونکە دوای هاتنە سەردەمی ڕوخان و هەڵوەشاندنەوەوە باوەشیانکرد بە وەهم و خورافات و شوێنکەوتنی کوێرانەدا و ڕقیان لەزانست و عەقڵ بویەوە.

ئە نجامیش بەوە کۆتایی هات ئەوان دواکەوتن و خەڵکانی دیکەش پێشکەوتن.

بەڵام مەسیحیەت کە لەسەردەمانی ناوەڕاستدا دژی زانست بون بە پێچەوانەوە لەسەردەمانی تازەدا زانستیان خۆشویست و پێشکەوتنە بەرچاوەکەیان ڕویدا.

لەواقیعدا تێزەکانی (ڕینان) دەربارەی ئیسلام و موسڵمانەکان و ڕۆژهەڵاتی و سامیەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمێکدا وەدەرکەوت کە سەردەمی بڵاوبونەوەی فیکرە تائیفی و ڕەگەزپەرستیەکان بوو، بەجۆرێك لە نیوەی دوهەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەوروپا بەسەر هەموو کیشوەرەکان و گەلەکاندا سەرکەوتبوو، هەروەها جیاوازی نێوان ئەو و جیهانی ئیسلامیش ئاشکرابوو ، هەربۆیە زۆرێك وەها گومانیان دەبرد کە ئەوروپییەکان ڕەگەزێکی جیاوازترن لەگەلانی دیکە .

دەیانوت کە زانست و پیشەسازی و پێشکەوتن چەندخاسیەتێکی تایبە تمەندن بەڕەگەزە شارستانیەتەکانەوە : واتە ڕەگەزی ئاری ئەوروپی بە پلەی یەکەم.

لەم چواچێوەیەدا دەتوانین لە بیرۆکەکانی (ڕینان) بڕوانین بۆ ئەوەی لە حەقیقەتەکانی بگەین ، تەنانەت مارکسیش کەوتۆتە ناوجۆرێك لە ڕەگەزپەرستیەوە کاتێك بڕوای وەهایە ڕەگەزی ئەوروپی بالأدەسترە لەسەر ڕەگەزی ئاسیایی یان یەهودیدا.

بەلأم ئەمە بەدڵنیاییەوە لەگەورەیی (ڕینان) کەمناکاتەوە،چونکە ئەم پیاوە بەوە دەناسرێتەوە ك لێکۆڵینەوە مێژویی و عەقلأنیەکانی لەکاتی خۆیدا کاریگەربون، ئەو لە گۆشە نیگایەکی مێژوی ڕوتەوە عەقیدە دینیەکانی خوێندوە ، بەتایبەتی مەسیحیەت و یەهودیەت ، ئەمە لەکاتێکدا کە خوێندنی تەقلیدی لەو کاتەدا باوبوە.

هەربۆیە ئەو لە ڕۆشنکردنەوەی عەقڵی خەڵکیدا لەو زەمانەدا ڕۆڵێکی چاکی گێڕاوە و داوای لێکردون کە لەنێوان بڕواکانیاندا و لەنێوان مەنەهجیەتە زانستیەکاندا جیاوازی بکەن.

پێی دەوتن بۆ ئەوەی لە ئاینەکەتان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بگەن ، واتە بەشێوەیەکی عەقلأنی و مێژویی ، پێویستە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت کە ئیمانە عەقائیدیە ڕەهاکەتان لەبیر بەرنەوە بۆ ئەوەی دوای ئەوە بگەن ئیمانێکی عەقلأنی زۆر لەوە چاکتر.

ناوی کتێب: ئارنست ڕینان

نوسینی:ج.م.ڕۆبەرتسۆن

بلاوکەرەوە:کیسنغر بوبلیشنغ-نیویورك 2005

ژمارەی لا پەڕەکان: 136 لا پەڕەی مامناوەند